# هەرکەسێک شتێک خەرج بکات وبیبەخشێت لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا بە حەوت سەد هێندە (پاداشتی) بۆ دەنووسرێت

لە ئەبی یەحیا خورەیم کوڕی فاتیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک شتێک خەرج بکات وبیبەخشێت لە پێناو خوای گەورە؛ ئەوا بە حەوت سەد هێندە (پاداشتی) بۆ دەنووسرێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک شتێک ببەخشێت وخەرجی بکات لە پێناو خوای گەورە ئەگەرچیش بەخشینەکە کەم بێت، ئینجا لە جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە یان لە پەرستنەکان وچاکەکاریەکانی تردا خەرجی بکات؛ ئەوا خوای گەورە پاداشتی ئەو بەخشینەی چەندەها جار پێدەبەخشێت هەتاوەکو دەگاتە حەوت سەد هێندە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4188